تێبینی:
- بە بێ ئاماژەی دروست بەم سەرچاوەیە هیچ کەسێك بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
- داوا لە ماڵپەرە کوردیەکان دەکەم کاتێك نووسراوێکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

# ڕووەو تێگەیشتنێکی باشتر

**"کە بگوترێت دیموکراتی چییە یان چی نییە، زۆر لەوە زەحمەتترە وەك لەوەی پێمان خۆش بێت کە ببوایە".**

هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست، کاك جەعفەری حەسەنپور، لە دوا وتاریدا بە ناوی "باسێك سەبارەت بە لیبراڵە کوردەکان" کە لە ماڵپەڕی "هەڵوێست" بڵاوی کردووەتەوە، باسی چەند خاڵێکی گرینگی کردووە. بەشێکی لەو باسەی بە ناوی "پاتی سۆشیالدیموکراتی کوردستان: خۆرازاندنەوەی لە ئەندازەبەدەری لیبراڵە کوردەکان" ـ لە و لەوێدا نووسیویەتی " ئەو حیزبە بەپێچەوانەی قسەی دەستەی بەڕێوەبەری پرۆژەکە، لیبراڵە و دیموکرات نییە و خۆرازاندنەوەی لە ئەندازەبەدەر چارەی دەردەکەیان ناکا.[1]" (جەختی خەت بەژێرداهێنانەکە ئی کاك جەعفەر خۆیەتی).

لێرەدا کاك جەعفەری حەسەنپور مەبەستی لە بڕگەی بیستوودوو لە بەشی یەك[2] لە پێڕەوی ناوخۆی پارتی سۆشیالدیموکراتی کوردستان (بڕووانە ماڵپەڕی پارتی سۆشیالدیموکراتی کوردستان www.psdkurdistan.com).
لەبەرئەوەی پێمواپە کە کاك جەعفەری حەسەنپور لە ڕێگای وتارەکانی خۆیەوە، کە روون و ڕاشکاون، کۆمەکێکی زۆر بە پێشکەوتنی قووڵبوونەوە لە تیئۆری و لە ئایدیۆلۆژیدا دەکات، ئەوا بە خۆشیەوە وەك ئەندامێکی دامەزرێنەری پارتی سۆشیالدیموکراتی کوردستان وەڵامی دەدەمەوە. بە داخەوە کە لەبەر کاری زۆر ناتوانین هەر ئێستا ڕاستەوخۆ ئەم وتارە لەسەر ماڵپەڕی پارتی ناوبراو دابنرێت، بەڵام دیارە بەو زووانە ئەو کارە دەکەین. گرینگە لە یادمان نەچێت کە سوپاسی ماڵپەڕی "هەڵوێست[3]" و "دەنگەکان[4]" بکەین کە گۆڕەپانێکیان بۆ ئەم باسە جیددیانە ساز کردووە.

کاك جەعفەری حەسەنپور لایەنگرێکی خەوشهەڵنەگری خەباتی دیموکراتی و ئاشتیە و لەسەر ئەم خاڵە قسەیەکم نییە، بەڵام پێمواپە کاك جەعفەر بە توندیی چەمکی دیموکراتی و ئاشتی تێکەڵ کردووە. هیوادارم لەم وتارەمدا بتوانم کۆمەکێك بە تێگەیشتنێکی باشتری ئەو دوو چەمکە بکەم.
پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە دەبێت ئەوە بڵێم کە پێمواپە ناکرێت بە هۆی بەشێکەوە کە یەك لە سەددی پێڕەوەکەیە بەرنامەیەکی سیاسیی بە لیبراڵ مۆر بکرێت و پاشانیش تاوانی خۆرازاندنەوەیشی بخرێتە بەر. بە ڕای من باشتر بوو گەر کاك جەعفەری حەسەنپور، بۆ نموونە ئەو بەشەی بە بۆچوون و تێگەیشتنێکی لیبراڵانە لە قەڵەم بدایە. هەرچەندە ئەو کاتەش هەر وەڵامم دەدایەوە، چونکە پێمواپە کاك جەعفەری حەسەنپور لە تێگەیشتنەکەیدا هەڵەیە.
یەکەم: کاك جەعفەری حەسەنپور دوو چەمکی تەواو لێکجودا تێکەڵ بە یەك دەکات کە یەکێکیان دیموکراتیە و ئەوی دیکەیان ئاشتییە. لەوەشدا پشت بە سەرچاوەیەك دەبەستێت کە ماڵپەڕێکە بۆ

---
1 http://www.helwist.com/2%20Geshti/Kesekan/C.Hesenpor/Liblale%20Kurdekan.htm
2 http://psdkurdistan.com/
3 http://www.helwist.com/
4 http://www.dengekan.com/

کۆکردنەوەی پێناسەی گشتی و کە ڤیکیپیدیایە[5]. من هەوڵدەدەم لەم وتارەدا نەکەومە ناو باسی"دیموکراسیەوە"، زیاتر لەوە کە بۆ ئێرە پێویستە.
دیموکراسی شێوازێکی سیاسییە بۆ بەڕێوەبردن. هەرچەندە شێوازی دیموکراسی دوو جۆرە، دیموکراسی ناڕاستەوخۆ (نوێنەرایانە) و دیموکراسی ڕاستەوخۆ، بەڵام مۆدێلگەلێکی فرە جیاوازی ئەو دوو شێوازە لە سەرانسەری جیهان هەن. بە پێی دەیڤد هێلد لە کتێبی "مۆدێلەکانی دیموکراتی "Models of Democracy (Models of Democracy, Second Edition, David Held 1996) جۆری دیموکراتی فرەن.
شێوازی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی دەوڵەت لە هیچ شوێنێك بە جیددی تاقی نەکراوەتەوە. هەرچی سەبارەت بە دیموکراسی نوێنەرایەتیانەیە تا ئێستا لە پراکتیکدا تەنها و تەنها لە دوو جۆر سیستەمی سیاسیدا سەرکەوتووانە تاقی کراوەتەوە و کاری پێ دەکرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە پێی دەگوترێت بەری ڕاست و کە لیبرالەکان تیایدا هێزی جیددی و وەگەڕخەرن، و کۆنسەرڤاتیڤەکان بە هۆی دەستتێوەردانی ئایینی و بەرسنوورکردنی ئازادیەکان و کەمنرخبینینی ڕۆڵی دەوڵەت و تەنانەت حوکمەتیش دەکەونە خانەی خوارەوە. دووهەمیان: ئەو سیستەمە سیاسییەیە کە سۆشیالدیموکراتەکان، بە تەنها خۆیان یان لە هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوگەلی چەپی دیموکراتیکخواز (نەك مارکسیست لێنینیست و جۆرەکانی دیکە وەك مائویست و خەتی ترۆتسکی) حوکمیان کردووە.
لێرەدا من نازانم کاك جەعفەری حەسەنپور خۆی بە چ جۆرە ڕەنگێکی سیاسیی دادەنێت، کە بێگومان دەبێت جۆرێك لە چەپ بێت، و ئەو خەتەی ئەو خاوەنی چ مێژوویەکە لە دیموکراتبوون. بەڵام با گریمان بکەین کە ئەوەش گرینگ نییە و درێژە بە باسەکە بدەین.

## پێوەندی دیموکراسی و ئاشتی

دیموکراسی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاشتییەوە نییە. من نموونە دەهێنمەوە. بەریتانیا یەکێکە لەو دیموکراسیانەی کە خاوەنی مێژووە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی کۆلۆنی خۆیدا، وەکوو هیندوستان، ئیرلەندا و باشووری ئەفریقا و زۆر وڵاتی دیکە، کۆلۆنیالێکی شەڕفرۆش بووە. ئیسپانیا وڵاتێکی دیموکراسیە بەڵام لە پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆلۆنیەکانی و لە ناو خۆیدا بەرانبەر بە کەتۆلنیا و باسك پێوەندیەکی نائاشتیانەی هەیە. ئەمەریکا وڵاتێکی دیموکراتیە بەڵام لە پێوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ژێر نفوزی خۆی لە پێوەندیەکی نائاشتیانەدایە. وڵاتانی دیموکراسی وەك سوێد، ئەڵمانیا و فەڕەنسا لە فرۆشتنی چەکدا هیچ نەبێت ناڕاستەوخۆ دەکەونە ئەو پێوەندیەوە کە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا ئاشتی ناپارێزن. تورکیا لە بەشی ئەناتۆڵیای تورکنشیندا زۆر لە مەرجگەلەکانی (کریتێریا) دیموکراسی پڕکردووەتەوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا هەم داگیرکارە و هەم دیکتاتۆر. جمهوری ئیسلامیی ئێران لە ناو بازنەی شیعەمەزهەبی نێزیك بە خۆیدا چەندین مەرجگەلی دیموکراسی پیادە دەکات، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا داگیرکارە، دیکتاتۆرە و هەروەها لە ڕووی مەزهەبیشەوە مۆنۆپۆڵی سیاسیی و ئابووریی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی لە دەستدایە.
هەڵبەت تیئۆریەکی سیاسیی هەیە بە ناوی "دیموکراتیەکان لە ناو خۆیاندا بە شەڕ نایەن" کە من نامەوێت تیایدا قووڵ ببمەوە، بەڵام لەوێدا هیچ باسێکی ئەوە ناکرێت کە دیموکراتیەکان لە پێوەندی خۆیاندا لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئەو ئاشتیە پیادە دەکەن یان نا.
بەو شێوەیە دیموکراسی سیستەمێکی بەڕێوەبردنە بۆ ناوخۆی وڵاتێك و لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا و لەبەرئەوە سیستەمێکی حوکمڕانیی نەتەوەییە. هەڵبەت دەکرێت و دەشێت کە لە ڕووی تیئۆرییەوە دیموکراسی وا بێت کە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ئاشتیخواز و ئاشتیئامێز بێت و لەسەر ئەو بناخەیە گفتوگۆیەك دابمەزرێت. هەروەها دەشکرێت پێوەندی دەرەکیی دیموکراسی بخرێتە ژێرپرسیار، کە ئایا بۆ لە ناوخۆی وڵاتێکدا ئاشتییپارێزە، بەڵام نە لە پێوەندیدا لەگەڵ دەرەوەیدا. بەڵام ئەمە تەنها لەسەر ئاستی پرسیارکردن و هەوڵدان دا دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو گرفتە.

---
[5] http://sv.wikipedia.org/wiki/Portal:Huvudsida

ئەوانەمان کە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی باکووری کوردستاندا بەشداریمان کردووە و قووڵبووینەتەوە هەمیشە لە گفتوگۆی ئاکادیمی و سیاسیدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بووینەتەوە کە لێمان کراوە: ئاخر خۆ تورکیا دیموکراسیە، ئێوە چیتان دەوێت؟
ئەوانەی لە جیهانی خۆرئاوادا ئەو پرسیارە دەکەن لەو خاڵەوە پێهەڵناگرن کە تورکیا لە ناو خۆیدا دوو سیاسەت پیادە دەکات، یەکێکیان دیموکراتییە، بەڵام کە تەنها لە ئەناتۆڵیدا خولاسە دەبێتەوە، ئەوی دیکەیان کۆلۆنیالە کە کوردستان و دەرەوەی ئەناتۆلیا دەگرێتەوە.
من زیاتر لەسەر ئەمە قووڵ دەبمەوە.
ساڵی ۱۹۹۹ کەرتی دەوڵەتی سوێد بە ناوی (توێژینەوەی ڕەسمیی دەوڵەتیی Statens offentliga utredningar) کتێبێکی شایانباسی چاپ کرد بە ناوی ئایا جێی خۆیەتی دیموکراسی نەتەوەییبوونی لێدابماڵرێت؟[6] (Bör demokratin av nationaliseras?) لەوێدا هەریەکە و لە ڕۆبەرت داڵ Robert A. Dahl، دەیڤد هێلد David Held، بێنگت یاکۆبسۆن Bengt Jacobsson و ساسکیا ساسسن Saskia Sassen بە وتارێك کە بەشێکی لێتوێژینەوەیەکە بەشداریان کردووە. ئەم کتێبە بە وردی وەڵامە بەو تێکەڵکردنەی کاك جەعفەری حەسەنپور، سەبارەت ئەوەی دیموکراتی چییە و چۆن لەگەڵ چەمکی ئاشتی دوو شتی جودان.
لێرەدا من تەنها چەند بەشێکی کورتی ڕۆبەرت داڵ و دەیڤد هێلد وەردەگێڕم:

> "لە بناخەدا پرۆژەی کۆسمۆپۆلیتیك مەبەستی ئەوەیە کە پرینسیپ و ئامادەکاری دامەزراوەیی بخاتە بەردەست کە پێویستن بۆ داواکردنی بەرپرسیارێتی لەو ناوچانەی دەستەڵات و فۆرمی دەستەڵات کە لەم کاتەدا دەکەونە ئەو دیو کۆنترۆڵی دیموکراتیەوە. دەلیلهێنانەوەکە ئەوەیە کە هەموو تاکە هاووڵاتیەك لەم هەزارەی بەرەو ڕوومان دێت دەبێت هەروەها خۆی فێر بکات کە ببێت بە "هاووڵاتیەکی کۆسمۆپۆلیتیك"، واتە مرۆڤێك کە بتوانێت لە نەریتە نەتەوەییەکان، خاڵە هاوبەشە چارەنووسیەکان (ödesgemenskap) و شێوەژیانی جودا [لە سنووری دەوڵەتی خۆیدا] خۆی ڕزگار بکات. هاووڵاتیبوون لە فۆرمێکی دەوڵەتیی دیموکراتیی ئاییندەییدا لەوە دەچێت کە ڕۆڵێکی تا دێت گەورەتری بەیەکگەیەنەر لە خۆ بگرێت؛ ڕۆڵێك کە بە مانای دیالۆگ دێت لەگەڵ نەریتگەل و دیسکۆرسەکانی دیکەدا بە مەبەستی بەرفراوانکردنی ئەو چوارچێوەیەی خۆ کاتێك کە دێتە سەر تێگەیشتن و پێشقەزاوات. ئەکتەری سیاسیی کە بتوانێت لە خاڵی سەرچاوەی بیری لایەنانی دیکەوە دەلیلبهێنێتەوە دەتوانێت لە چارەسەری ئەو گیروگرفتانەدا تواناداراتر بێت کە سنووربڕ و ڕێگاگرن و لەو پرۆسانەدا کە دەبنە مایەی خاڵگەلی هاوبەشی چارەنووسیی لەسەر یەك کەڵەکەبوو، و ڕەنگیشە بتوانێت چارەسەری زیاتر دادوەرتر بدۆزێتەوە. پرۆژە کۆسمۆپۆلیتیکەکە هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بۆ ئەوەی زۆر شێوەی هاوتەریب لە دەستەڵات بخرێنە ژێر بەرپرسیاریەوە و بۆ ئەوەی زۆرێك لەو گیروگرفتە ئاڵۆزانە کە هەموومان گیرۆدەین (ناوچەیی، نەتەوەیی، هەرێمیی و گێتیی) بە شێوەیەکی دیموکراتیانە ڕێسابەند بکرێن، دەبێت مرۆڤەکان دەستیان بگاتە کۆمەڵگای سیاسیی جیاواز و تیاشیاندا ئەندام بن. بە واتایەکی دیکە: کۆمەڵگایەکی دیموکراتیی سیاسیی لەو هەزارەدا کە بەڕێوەیە دەبێت پێداویستیانە جیهان بە جیهانێك دابنێت کە هاووڵاتیان فرەهاووڵاتیی بن... بەم پێشینەیەوە، پرۆژە کۆسمۆپۆلیتیکەکە مەبەستی ئەوەیە کە دەبێت دیموکراتی بە شێوەیەکی نوێ ببینرێت، وەکوو پرۆسەیەکی دوو لایەنە. مەبەست لە پرۆسەی دوو لایەنە ئەوەیە کە دیموکراتی لە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا قووڵ بێتەوە، کە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا بە دیموکراتیکردنی دەوڵەتان و کۆمەڵگای مەدەنی بگرێتە خۆی، تێکەڵاو لەگەڵ بەرفراوانکردنی فۆرم و پرۆسەی دیموکراسی دەر لە سنوورەکان..."[7].

---

[6] Bör demokratin avnationaliseras? Demokratiutredningens skrift nr 21, Elanders Gotab, Stockholm 1999. Sou 1999:11

[7] هەمان سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە 44-43

"یان ئەوەتا دیموکراتی دەبێت ئاوێتەی شارەکان، دەوڵەتە نەتەوەییەکان و گۆڕەپانێکی بەرینتری هەرێمیی و گێتییانە بێت، یاخود ئەوەتا هەر وەك شێوەیەکی حوکمکردنی نەتەوەیی دەبینرێت کە تا دێت بۆ ئەم هەزارەی بیستویەکە زیاتر ناسەردەم دەبێت. هەڵبژاردەکە، بەختدارانە، لە دەست خۆماندایە[8]".

هێلد بە ڕوونی دەیخاتە بەردەستمان کە دیموکراتی لانی کەم پرۆژەیەکی ڕێکخراوەیی و لەسەر ئاستی باڵاش پرۆژەیەکی نەتەوەییە لە چوارچێوەی سنووری تەواو دەستنیشانکراودا. پرۆژەیەکی کۆسمۆپۆلیتیکی تا ئێستاش هەر لەسەر ئاستی قسەیە و تیئۆریەکی بۆ خۆی نەخولقاندووە. ئەوەش تەواو ڕوونە کە دیموکراتیبوون لەسەر ئاستی تاکەکەس قسەوباسێکی وا زۆر هەڵدەگرێت کە هەموو مەرزێکی گفتوگۆی ئایدیۆلۆژی و ئەکادیمی دەبەزێنێت، چونکە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت و بێگومان بۆیشی هەیە خۆی بە دیموکرات دابنێت. من هەمیشە گوتومە و پێمخۆشە بەردەوام دووپاتی بکەمەوە کە فەزای دیموکراتی جێی زۆر شتی تێدا دەبێتەوە، جێی ئەوەش کە هەر کەسێك پێی خۆش بێت خۆی بە دیموکرات بناسێنێت. ئەوەی دەمێنێتەوە هەر ئەوە دەبێت کە لە پراکتیکدا ببینرێت.

ڕۆبەرت دال لە وتارەکەی خۆیدا سەبارەت بە دیموکراتی ئاوا دەست پێ دەکات:
"کە بگوترێت دیموکراتی چییە یان چی نییە، زۆر لەوە زەحمەتترە وەك لەوەی پێمان خۆش بێت کە ببوایە. ئەمەش گەلێك هۆی لە پشتەوەیە؛ لێرەدا من سیانیان باس دەکەم. یەکەم چەمکی دیموکراتی، هەروەکوو هەموومان دەزانین، هەر لە خۆوە بەکاردەهێنرێت - و ئێستاش هەر بەکاردەهێنرێت. ئەگەرچی وشەکە بە زۆریی بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە جۆرێك لە حوکمڕانیی بگرێتەوە، لەو سنوورەدا ناهێڵرێتەوە. بێلەوە هەر خودی وشەی حوکمڕانیش لە خۆیدا [چەمکێکە کە] زۆر ناڕوونە...
گرفتی دووهەم ئەوەیە کە کاتێك مرۆڤ دەستنیشانی بکات کە دیموکراتی چییە یان چیی نییە، ئەوەیە کە بڕیار بدەیت کە چۆن و لە کوێدا سنووری بۆ دابنێیت. ئەوە بەتایبەتی پرمانا نییە کە بە شێوەیەك بەرخورد لەگەڵ دیموکراتیدا بکەین وا کە بێین و خەتێکی جیاکردنەوەی ڕوون و دیار لە نێوان ئەوی دیموکراتی و ئەوی نادیموکراتیدا دابنێین. گرفتی سێهەم کاتێکە کە پێناسەی دیموکراتی دەکەین، ئەوەیە کە نێزیکەی لە هەموو سیستەمە دیموکراتیکەکاندا، ڕەنگە بە ئیستیسنای (ڕیزپەڕی) هەندێك لیژنەی بچووك، ئەوە پێویستە یان کتومت هەر وایە کە بڕیار لە دەستەڵات و دامودەستگادا [بە ناچاریی] دەدرێت بە لایەنی دیکە..."[9].
ڕۆبەرت دال بەردەوام دەبێت:
"دەلیلهێنانەوەکەم یەکسەرەیە و هاسانە. لە وڵاتانی دیموکراتیدا، کە تیایاندا میتۆد و دامەزراوەی دیموکراتیی بە باشی لە دێر زەمانەوە جێی خۆیان گرتووە، و کە لەوێدا بەو شێوەیەی کە ئیتر پێمان دەکرێت شت هەڵ بسەنگێنین، کولتورێکی سیاسی دیموکراتیی باش جێی خۆی گرتووە، [بەڵام] بۆ هەمووان ئاشکرایە کە بۆ هاووڵاتیان زەحمەتە کە تیایاندا کۆنترۆڵێکی توندوتۆڵ لەسەر زۆر لە پرسی سیاسەتی دەرەکیی پیادە بکەن. ئەی کەوایە کام هۆیانەمان هەن کە بڕوا بکەین هاووڵاتیانی وڵاتانی جیاواز کە دەکەونە سیستەمی نێونەتەوەییەوە بتوانن لەوێدا لەسەر بڕیارەکان هەمان پلەی کارتێکردن و کۆنترۆڵیان هەبێت، کە ئەمڕۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا هەیانە؟"[10].
"سەرئەنجام: ئەگەر بۆ هاووڵاتیانی ئاسایی ئەوەندە زەحمەت بێت کە کاریگەریەکی ئا لەو ئاستەدا گەورەیان لەسەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی لە وڵاتەکانی خۆیاندا هەبێت، ئایا جێی خۆی نییە بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاستەنگەکان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا فرە گەورەتر دەبن؟ ئایا هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی کە بەستراون بە ڕێکخراوگەلی نێونەتەوەییەوە نایەن و کۆنترۆڵی ڕاستەقینە ناخەنە دەست نوخبەگەلی (ئێلیتگەلی) سیاسی نێونەتەوەییە، هەروەکوو هاووڵاتیانی ناو وڵاتانی

---

[8] هەمان سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە 50
[9] هەمان سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە 53-58
[10] هەمان سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە 61

دیموکراتی بڕیاری سیاسی گرینگ دێن و دەیخەنە دەست نوخبەگەلی سیاسی نەتەوەیی خۆیانەوە؟ ئایا بڕی ئەو دەستەلاتپێدانە بە ڕێکخراوگەلی نێونەتەوەیی بە بڕوایەکی زۆرەوە ناگاتە ئاستێکی زۆر لە خوارەوەتری هەر ئاستێکی پەسەندکراوی دیموکراتی؟"[11].

بەو شێوەیە من پێموایە کاک جەعفەری حەسەنپور لەسەر مەسەلەی دیموکراتبوون یان نەبوون پەلە دەکات، هەروەها ئاستەکان تێکەڵ دەکات و بە پێی پێویست ناتوانێت تیایاندا قووڵبێتەوە، هاوکات باسی ئەو پێوەرە ناکات کە بۆ پێوانی دیموکراتی و ڕەهەندەکانی دیموکراتی بەکاری دەهێنێت. لەوە زیاتریش ڕێگا بە خۆی دەدات ئەو جۆرە دیموکراتیە بە باشترین دیموکراتی دابنێت کە خۆی پێی باشە و بەڵام کە ئێمەی خوێنەر ئاگادار ناکات کامەیە.

## سەبارەت بە ئاشتی

هێندەی من توانیوومە لە بزووتنەوەی ئاشتیدا قووڵ ببمەوە تا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەمدیوە کە پێناسەیەکی ئاشتی یان بزووتنەوەی ئاشتی کرابێت، بەڵام هەوڵ زۆرە کە پێناسەیەکی وا بکردرێت. سەرجەمی بزووتنەوەی ئاشتی/ دۆکترینی ئاشتی، هەڵبەت بەگشتیی، شەش شێوەیە کە من باسیان دەکەم.

١. بزووتنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی هیندوستان لە ژێر ڕابەرایەتی مەهاتما غاندی (Mahatma Gandhi)
٢. بزووتنەوەی ئا ئێن سی (ANC) لە باشووری ئەفریقا
٣. بزووتنەوەی مارتن لوتەر کینگ (Martin Luther King)
٤. دۆکترینەکەی ئەیزنهاوەر (Eisenhower) (ئاخافتنی دوایت ئەیزنهاوەر بۆ کۆنگرێس لە ١٩٥٧/١/١٤)
٥. بزووتنەوەی ئاشتیی کڵێسایی
٦. بزووتنەوەی ئاشتی دژ بە شەڕ لە دژی جەنگی ئەمەریکا بۆ سەر ئێراق.

سەبارەت بە خاڵی شەش من پێموایە، کە کاتی خۆیشی لەسەرم نووسیووە، کە ئەو خۆپیشاندانانە لە لایەن ئەڵمانیا و فەرەنساوە جۆش دەدرا و کۆمەك دەکرا و هەر لەبەرئەوەش کاتێك کە ئەو دووڵاتە لە سەر زۆر شت لە ئەمەریکا نێزیك بوونەوە، دەستیان لە ڕێکخستنەکان بەردا و بینیمان کە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان بە پلەیەکی باڵا سارد بووە و دەتوانم ڕێگا بە خۆم بدەم و بڵێم کە ڕووەو پووکاندنەوە چوون و دەچن.
ئەوەی زۆر گرینگە لەم باسەدا ئەوەیە کە پێموایە کاک عەجفەری حەسەنپور لە ژێر کاریگەریی ئەمەدا بوو، یان ئێستاش هەر هەیە و، کە پێی وایە دەتوانرێت گوژمێکی دیکەی پێ بدرێتەوە. بە پێچەوانەوە من هیوایەکم پێی نەبوو و ئێستاش نیمە. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نایەت کە ڕێز بۆ ئەو چالاکیە مەزنە دانانێم و قورسایی سیاسیی لێ کەم دەکەمەوە.
سەبارەت بە خاڵی پێنج کە بزووتنەوەی کڵێساییە و کە پاش دۆکترینەکەی غاندی کە پاشان باسی دەکەم خۆیان ڕێکخست، و خاڵی چوار کە لەسەر دۆکترینەکەی ئەیزنهاوەرە، قووڵ نابمەوە چونکە هەرچەندە لەسەر چەمکی ئاشتین بەڵام دەکەونە خانەیەکی دیکەوە. دۆکترینەکەی ئەیزنهاوەر لەسەر ئەوەیە کە ئەمەریکا هەموو جۆرە دەستتێوەردانێك لە خۆرهەڵاتی ناوەندا، بە بەکارهێنانی چەکەوە، ئەنجام بدات بێ ئەوەی پێویست بێت ڕەزامەندی کۆنگرێسی بۆ وەربگیرێت. کاکڵەی دۆکترینەکەی ئەیزنهاوەر دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە پاشان لە جەنگی ساردا خولاسە بووەوە کە تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو. ئەیزنهاوەر ئەمەی بە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیەدا دادەنا.

---

[11] هەمان سەچاوەی پێشوو، لاپەڕە 74

ئێمە دەزانین کە سەرئەنجامی جەنگی سارد و پیادەکردنی ئەو دۆکترینە چۆن بوو، کە لە سیاسەتێکی کۆلۆنیالیانەوە سەرچاوەی دەگرت، و کە بە مانای هیچ جۆرە ئاشتیەك نەهاتووە، لەبەرئەوە درێژەی پێ نادەم.
سەبارەت بە خاڵی سێ کە بزووتنەوەی مارتن لوتەر کینگە و کە قورساییەکی مێژوویی گەورەی هەیە و لە بزووتنەوەی ئاشتیی جیهانییدا ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنرێت، دەتوانرێت زۆر شت بگوترێت. بەڵام هەلومەرجی ئەو بزووتنەوەیە هێندە تایبەتیە کە ناکرێت لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ئاشتی لە کوردستان بەراوورد بکرێت، یاخود بکرێت بە تیئۆریەك بۆ بزووتنەوەیەکی ئاشتی. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە مارتن لوتەر کینگ هەم پشتی بە چەمکی هاووڵاتیبوون (citizenship) و هەم بە بەرابەریی ئاینی کریستیانی دەبەست. بێگومان قسەی تێدا نییە کە دەتوانرێت سوود لە هەندێك میتۆدی وەربگیرێت و ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە بە توندی لەژێر کاریگەریی بیری مەهاتما غاندیدا بوو، بۆ نموونە لە کتێبی "لۆقەهەنگاو بەرەو ئازادیی "Stride Towards freedom دەنووسێت: "ئەو ڕازیبوونە ڕۆشنبیریی و ڕەووشتیەی کە من هەرگیز لە ئیوتیلیتاریزم لە بێنتهام و میل دا، لە میتۆدگەلی شۆڕشگێڕانەی مارکس و لێنیندا، لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی هۆبێس دا، لە [کتێبی] گەشبینی "چوونەوە بەرەو سرووشت "Tillbaka- till -naturen ـ ی ڕۆسیۆ یان لە فەلسەفەی مرۆڤی باڵای نیتچەدا هەرگیز نەمدیەوە، لە فەلسەفەی نەزەبرئامێزی ickevåldsfilosofi غاندیدا دیتمەوە. من گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئەمە تاکە میتۆدێکی پراکتیك و لەبارە کە دەتوانرێت لەلایەن نەتەوەیەکی چەوساوەوە لە خەباتی خۆیدا بۆ ئازادی بەکاربهێنرێت"[12].

### سەبارەت بە خاڵی دوو و یەك

سەبارەت بە خاڵی دوو کە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی ئا ئێن سی ـ یە لە باشووری ئەفریقا و لەگەڵ خاڵی یەك سەبارەت بە هیندوستان، من دەمەوێت قووڵ ببمەوە. ئەو دوو بزووتنەوەیە بە توندی کاریان کردە سەر بیری مرۆڤی خۆرئاوایی و مەسەلەی کۆلۆنیالیزم و بەرپرسیاری دەوڵەتانی دیموکراتیك و ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هتد. لاوانی ئورووپایی، کچان و کوڕان، ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەجۆشخستن و خرۆشاندنی ئەو دوو بزووتنەوەیەدا هەبوو، دروست بە پێچەوانەی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزاییدەربڕینانەی دژ بە ئەمەریکا لەسەر جەنگی ئێراق کە دەستی دەوڵەتانی لەسەرەوە تێکەوت و کە لە خوارەوە لە ناو ڕیزەکانی جەماوەری گشتییدا سەری هەڵنەدا.
کاك جەعفەری حەسەنپور باش دەزانێت کە ئا ئێن سی ڕێکخراوەیەکی سۆشیالدیموکرات بوو (ئێستاش) و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە و داوای چارەسەری ئاشتیانەی بۆ کێشەی ڕەگەزپەرستیی لە باشووری ئەفریقا دەکرد.
ئا ئێن سی ساڵی ١٩١٢ دامەزرا. ئەمە و هەندێك مێژوو و ڕووداوی دیکە بۆیە باس دەکەم بۆ ئەوەی پاشان لەگەڵ دۆخی کوردستان بە جۆرێك بەراووردیان بکەین. خەباتی ئاشتیانەی ئا ئێن سی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵوکۆششەیدا بۆ بە ئاشتی چارەسەر کردن تا ساڵی ١٩٦١ نەیتوانی هیچ بە هیچ بکات. تا ئەو کاتە، ساڵی ١٩٦١، لانی کەم سێ (٣) جار نیلسۆن ماندێلا کە لە تەمەنی ٢٦ ساڵیەوە بوو بە ئەندام (ساڵی ١٩٤٤)، کەوتبووە زیندانەوە. دۆخی ژیانی ڕەشپێستەکان، یان ڕاستتر، دانیشتووانی ڕەسەن، تا دەهات خراپتر دەبوو. ساڵی ١٩٦١ کاتێك کە هەڵپەی ئاشتیخوازانەی کچان و کوڕانی ڕەشپێست هەر بە شەق و لێدان و گرتن و زیندانیکردن و کوشتن دەدرایەوە، ڕەشپێستەکان گوێیان بە بانگەوازی ئاشتیانەی ئا ئێن سی نەداو و خۆیان دەستیان بە بەرەنگاربوونەوەی زەبرئامێز (توندوتیژی) کرد. ئا ئێن سی لە سەرەڕێی دووڕیاندا وێستابوو، یان ئەوەتا چەمکی خەباتی ئاشتی [لە ڕاستیدا **خەباتی بەکارنەهێنانی زەبر**، یان **خەباتی نەزەبرئامێز** کە پاشان باسی دەکەم بۆ] بەرفراوانتر بکات و ڕێگا بە بەرەنگاربوونەوەیەکی بەرهەڵستکارانە بدات کە تیایدا چەك یەکێك بوو لە ئامرازەکان، یان ئەوەتا لە درێژەی خەباتی ئاشتیانەی خۆیدا ببێت بە بزووتنەوەیەکی پاسیفیست و ڕێگا بە نیهیلیزم

---

[12] För pacifister. M K Gandi, Första upplagan, 1983. Haga bokförlag 1983, s. 16

بدات کە لە ناوەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی باشووری ئەفەریقا کرمۆڵ بکات. ئەوە بوو تەڵتەرناتیڤی یەك هەڵبژێردرا و هەر لەو کاتەشەوە هەموو دام و دەستگایەکی خۆرئاوا حاڵیبوون کە خەباتی ئاشتی ناکرێت لە چوارچێوەی بانگی عیسادا بۆ هێنانەپێشی لایەنەکەی دیکەی ڕوومەت خولاسە بکرێتەوە.
لەو کاتەوە تا ساڵی ١٩٩١ کە نیلسۆن ماندێلا ئازاد کرا، ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو. کاتێك کە نیلسۆن ماندێلا لە زیندان بوو چەندین جار داوای لێدەکرا دژ بە بزووتنەوەی زەبروزەنگ و خەباتی چەکداریی ئا ئێن سی بدوێت یان داوا بکات کە ڕابووەستێنرێت، نەی کرد.
کاتێك موهەندەس کاراماچەند غاندی (پاشان ناویان نا مەهاتما غاندی) ساڵی ١٨٦٩ لە دایك بوو، ٢١٧ ساڵ بوو هۆڵەندیەکان خۆیان گەیاندبووە باشووری ئەفەریقا (ساڵی ١٦٥٢) و یەکەم کۆلۆنی خۆیان داکوتابوو. ساڵی ١٧٩٥ ئینگلیز هەرێمی کەیپ (Cape) ـ ی داگیرکرد، چونکە گرنگترین خاڵی پێوەندی دەریایی بوو لەگەڵ هیندوستان. ئەمە چارەنووسێك بوو کە زۆر پێش ئەوەی مەهاتما غاندی لەدایك بێت ئینگلیز، لە جیاتی خودا، بۆ باشووری ئەفەریقا و هیندوستانی دانابوو.
کاتێك مەهاتما غاندی ساڵی ١٨٩١ چوو بۆ باشووری ئەفریقا بە چاوی خۆی بینی چۆن مامەڵەی ئەو هیندیانەیان دەکرد کە بۆ کار بردرابوون و چۆنیش ڕەشپێستەکان دەچەوسانەوە. وەکوو لاوێکی ٢١ ساڵە کە هەر ساڵ و دوو ساڵێك لەوەبەر لە ئینگلستان بەو پەڕی خراپییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابوو، دەستی کرد بە خەبات. ئەو کاتەی ئا ئێن سی لە ساڵی ١٩١٢ دا دامەزرێنرا، مەهاتما غاندی دەمێك بوو لە باشووری ئەفەریقا بوو، سێ ساڵ دوای دامەزرانی ئا ئێن سی لە ساڵی ١٩١٥ دا گەڕایەوە بۆ هیندوستان. ئەو دەم مەهاتما غاندی سێ ساڵ بوو ئەزموونی خەباتی ئاشتیخوازانەی، یان ڕاستتر خەباتی بەکارنەهێنانی زەبر، دەبینی. لە سەرەتاوە خەباتی مەهاتما غاندی لە هیندوستان لە پێناوی ڕزگارکردنی ڕەشپێستەکاندا بوو (مەهاتما غاندی پاسیفیستێکی ئینتەرناسیونالیست بوو)، بەڵام پاشان حەتمەن لە شوێنێکدا بیر دەکاتەوە و لە خۆی دەپرسێت: ئەی بۆچی بۆ هیندوستان (ـ یش) خەبات نەکەم؟
لەوێوەیە کە خەباتی نەزەبرئامێزی مەهاتما غاندی دەست پێ دەکات. یەکەم کاری ئەو ئەوە بوو کە بۆ لێدان لە کەرتی پیشەسازیی چنین و قوماشی ئینگلیزیی، کە ئەو کاتە گەورەترین فرۆشتەی ئینگلیز بوو، داوای لە هیندوستانیان کرد کە قوماش و پارچە و جلکوبەرگی ئینگلیزی نەکڕن و خۆیان پێویستیی خۆیان وەبەرهەم بهێنن، دووهەم کاری گرینگی ئەو ڕێپێوانە بوو کە بە "ڕێپێوانی خوێ" بەناوبانگە. ئەویش ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر بەرهەمهێنان و فرۆشتنی خوێدا گرت، چونکە زوو تێگەیشتن کە هیندوستان گەرمە و هیندیەکان خوێ زۆر بەکار دەبەن، دەیانزانی پارەیەکی خەیاڵی قازانج دەکەن کە بێن و خوێ خۆیان بە خۆیان بفرۆشنەوە. مەهاتما غاندی تا ئەو خاڵە باوەڕی بە هیندوستانیەکان هێنا کە خۆیان وەك خانەوادە خوێ بە پێویستی خۆیان بەرهەمبهێنن و بە ئینگلیزەکانیش کە ڕێگا بدەن هەر خانەوادەیەك مافی هەبێت بەشی پێویستیی خۆی خوێ وەبەرهەم بهێنێت.
بەو شێوەیە مۆنۆپۆڵی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان لەسەر خوێی هیندوستان تێکشکا.
درێژە بە باسەکە نادەم ئەگەرچی سەرنجڕاکێش و بەسوودە، بەڵام هۆکار و هەلومەرج هەبوون کە یارمەتی مەهاتما غاندیان دەدا بۆ ئەوەی بتوانێت خەباتی نەزەبرئامێزی خۆی دژ بە ئینگلیز بەردەوام پێ بدات، و ئەوەش لە ڕاستیدا تاکە ئەزموونێکی مرۆڤایەتیە لە جیهاندا و پاش ئەوە نموونەی دیکەمان نییە. هەر بۆ نموونە، لە وڵاتی مامۆستای مەهاتما غاندی کە باشووری ئەفەریقایە ئەو خەباتی نەزەبرئامێزە سەری نەگرت.
بە ڕای من هۆیەکان زۆرن. هیندوستان نێزیکەی سێ ملیۆن و نیو کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، کە دەکاتە نێزیکەی هەشت جار بە قەدەر هەموو کوردستان، کە ئەگەر ئینگلستان دەیان جاریش دانیشتووانی خۆی بگواستایەتەوە بۆ هیندوستان نەیدەتوانی ئەو زەمینە گەورەیە لە ڕووی فیزیکیەوە داگیر بکات. ژمارەی دانیشتووانی هیندوستان هێندە زۆر بوو کە ئینگلستان دەیزانی بە کوشتن و گرتن هیچیان پێ ناکرێت. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان سەرمەستی دادۆشین و ڕووتاندنەوەی هیندوستان بوون و

شەوڕۆژ کاریان بۆ ئەوە بوو ئینفراستروکتوری جیاواز دابمەزرێنن بۆ ئەوەی درێژە بە دزی و تالآنکاریەکانیان بدەن. هەموو جۆرە خۆپیشاندان و مانگرتنێك لە پراکتیکدا زیانی بەرچاو و جیددی بە ئینگلستان دەگەیاند، هاوکات کە دەیانزانی کوشتن و بڕینی زۆر کارەکەیان بۆ زەحمەت دەکات، نەك هاسانتر. وەکوو ئەوانەش گرینگ ئەوەیە کە بناخەی چەمکی بزووتنەوەی نەزەبرئامێزی مەهاتما غاندی بریتیە لە شتێك کە بە هیندی پێی دەگوترێت ئاهیمسا (Ahimsa). ئاهیمسا بە هیندی خودا نییە، چونکە ناوی خودا "ڕاما Rama"ـیە نەك ئاهیمسا. ئاهیمسا لە وشەیەکی زۆر بەرفراواندا کە زەحمەتە بۆ هیچ زمانێك وەربگێڕدرێت بە مانای "نەزەبر" لە ڕەهەندی "ئەڤین" دا دێت. واتا بەکارنەهێنانی زەبر لە هیچ بوارێکی ژیان و سرووشتدا. مەهاتما غاندی خۆی لەسەر ئاهیمسا ئاوا دەڵێت: "... ڕێگام بدەن ئاگادار بکەمەوە کە دەشێت سەرنەکەوم لەوەدا کە ڕوونکردنەوەیەکی تەواو لەسەر ناوەڕۆکی ئاهیمسا بدەم. هیچ مرۆڤێك هەرگیز نەیتووانیوە بە تەواوی باس لە خودا بکات. ئەمەش سەبارەت بە ئاهیمسا دروستە..."[13].

ئەوەش هەروەها گرینگە وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە ئاییینی هیندویزم تۆلەرانسێکی گەورەی بەرانبەر بە ئاییینگەلی دیکە هەیە، دروست بە پێچەوانەی بۆ نموونە ئیسلام و کریستیانیزمەوە. لەسەر ئەمە مەهاتما غاندی لە کتێبەکەی خۆیدا "ژیانی سەرەتام Mitt tidiga liv" دەڵێت "لە باشووری ئەفریقا هەر زوو تێگەیشم کە هاوڕێیەتیەکی نێزیك لە نێوان هیندوس و موسڵمانان‌دا نییە. هەموو هەلێکم دەقۆزتەوە کە ئەو بەربەستانە بشکێنم کە ڕێگایان لە یەکێتی نێوان ئەو دووانە دەگرت. ئەو کارەم بەوە نەدەکرد کە دڵی کەسێك لە ڕێگای پیاداهەڵداندا ببەمەوە یان وا کە لەسەر کەسایەتی خۆم بکەوێت، بەڵام ئەزموونەکانم لە باشووری ئەفریقا باوەڕیان پێهێنابووم کە ئەوە پرسی یەکێتی نێوان هیندوس و موسڵمانانە کە ئاهیمسا ـ م دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی ئەو پەڕی قورسەوە"[14].

ئارنە ناس Arne Nass و یوهان گالتونگ Johan Galtung لە کتێبەکەی خۆیاندا "ڕەووشتی سیاسی غاندی Ghandhis politiska etik" پازدە (١٥) خاڵیان کۆکردووەتەوە کە کۆی خەتی خەباتی زەبرنەئامێزی غاندیە، دوواهەمین خاڵیان، خاڵی پازدە، دەڵێت"لە بریتی ترسنۆکیی زەبر هەڵبژێرە"[15].

ئەو سێ چوار خاڵەی کە کاك جەعفەری حەسەنپور لە فەرهەنگی سیاسیی ئینتەرنێتەوە لە ڤێکیپێدیا سەبارەت بە خەباتی ئاشتی وەریگرتووە، لە ڕەسەندا لەو سەرچاوانەوە پێ هەڵدەگرن کە من ناویان دەبەم و لەوانەدا ئەم باسە بە درێژی کراوە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم ئەم دوو خاڵە دەبێت ڕوون بکەمەوە. ئەوانەی پێ لەسەر خەباتی ئاشتی دادەگرن، لە پایۆنارەکان مەهاتما غاندی و مارتن لوتەر کینگ، چەندین جار ڕوونی دەکەنەوە کە خەباتی ئاشتی بە مانای خەباتی بەکارنەهێنانی زەبر دێت، چونکە خەباتی ئاشتی وشەیەکە کە دەنا مانای زۆر چەوتی دەبێت. لەو خەباتی نەزەبرئامێزەدا مافی خۆڕزگارکردنی تێدایە، چونکە مەبەست لە خەباتەکە کۆتاییهێنانە بە دۆخی چەوسانەوە، نەك هەر بە تەنها بۆ بەرەنگاربوونەوە و هێشتنەوەی دۆخەکە بێت.

دووهەم، ڕەنگە بزووتنەوەی سۆشیالدیموکراتی لە جیهاندا، تاکە بزووتنەوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو بێت کە دژ بە بەکارهێنانی زەبروزەنگە، بەڵام کە هاوکات لە دژایەتیکردنی فاشیزم و نازیزم و ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیزمدا بەشدار بووە. نموونە خەباتی سۆشیالدیموکراتەکانی ئەڵمان، دانمارك و نەرویژ و هتد دژ بە نازیزم فاشیزم. هەروەها خەباتی ئا ئێن سی دژ بە ڕەگەزپەرستی، خەباتی سۆشیالدیموکراتەکانی فینلەند دژ بە فاشیزم و دژ بە کۆلۆنیالیزمی ڕووسیش، خەباتی سۆشیالدیموکراتەکانی ئیسپانیا دژ بە فاشیزم. بێ لە هەموو ئەمانە، خەباتی پایۆنارەکانی سۆشیالدیموکراتی لە جیهاندا دژ بە زەبروزەنگی لێنینیستی و فەرهەنگی "شۆڕش" و "شۆڕشگێڕیی"

[13] För pacifister. M K Gandi, Första upplagan, 1983. Haga bokförlag 1983, s. 24
[14] Mitt tidiga liv. Bokförlaget Natur och kultur 1985, översättning från engelska till svenska Birgitta Fowler. s. 199
[15] För pacifister. M K Gandi, Första upplagan, 1983. Haga bokförlag 1983, s. 14

کارێکە کە لە مێژوودا جێێ خۆی گرتووە. هەروەها خەباتی ئەمانە لە ناو وڵاتی خۆدا بە پشت بەستن بە خەباتی هێمنانە و سازان، نەك توندوتیژی و لێکسرەواندن.
کەواتە نموونە زۆرن کە بزووتنەوەی سۆشیالدیموکراتیی وەفادارێکی جیدیە بەرانبەر بە بەکارنەهێنانی زەبروزەنگ، بەڵام هاوکات بڕوای بە پاسیفیزم و بە خەیاڵپلاویی نییە کە کۆلۆنیالیزم و فاشیزم بە فیتە و چەپڵە واز لە چەوساندنەوە بهێنن.
مافی لەخۆبەرگریکردن دەبێت بۆ هەموو چەوساوەیەك بێت، ئەمە زۆر جێگای بێنەوبەرە نییە، بەڵام شێوازی ئەو لەخۆبەرگریکردنە دۆخ و هەلومەرجەکان دایدەسەپێنن نەك پرینسیپی گشتگیریی ئوینیڤێرساڵیی، کە لە باشترین حاڵەتیدا لە کریستیانیزم و هیندویزمدا کۆ دەبێتەوە.
لەبەرئەوە برگەی بیستودوو لە بەشی یەك لە پێڕەوی ناوخۆی پارتی سۆشیالدیموکراتی کوردستان نەك هەر بۆچوونێکی لیبرالیانە نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا هێندەی سەرە دەرزیەکیش نە پێوەندی بە لیبرالیزمەوە هەیە، نە بە بڕوابوون بە دیموکراتی و نە بە خەباتی نەزەبرئامێز. ئەوە تەنها پێوەستبوونێکە بە پریسیپی مافی لەخۆبەرگریکردن بەو پێیەی کە شوێن و کات و دۆخ دایدەسەپێنێت.

## دۆخی کورد

کاتێك کە هاوڕێی بەڕێز، کاك جەعفەری حەسەنپور، لە خەباتی دیموکراتی و ئاشتی دەدوێت، دەیەوێت دوو چەمکی گرینگ پێکەوە ببەستێت کە بەڕای من کارێکی زۆر باشە، بەڵام لە جیاتی پێکەوەبەستن، تێکەڵیان دەکات. ئەمە چەندیش مەبەستباشیی لە پشتەوە بێت دەتوانێت زیان بگەیەنێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەریی، کە تیایدا تیئۆریگەل و ئایدیۆلۆژیگەل و جۆرگەلی میتۆد باس بکەین، دەبێت کۆنترۆڵێکی تەواومان لەسەر چەمکەکان هەبێت و بزانین باسی چی دەکەین، چیمان گەرەکە و چۆن باسەکان پێشکەش دەکەین. زەحمەتی بەشداربوون لە پرۆسەی ڕۆشنگەریدا لانی کەم ئەوەیە کە دەبێت ئەو باسانە درك بکەین.
لە بەراووردی ئەو دۆخانەی کە مارتن لوتەر کینگ، ئا ئێن سی و مەهاتما غاندی تێدا بوو لەگەڵ کوردستان، خاڵگەلی هاوبەشی وا نیین کە شایانی باس کردن بن وا کە بتوانین لە پرۆسەی نەبەکارهێنانی زەبردا (Ickevålds princip/ ickevåldsfilosofi) بەکاریان بهێنین.
دوژمنانی کوردستان لە مانای وشەدا دڕندەن، هەر بە تەنها کۆلۆنیالی ئابووریی نین، بەڵکو لە دۆخی سیاسیدا پریمیتیڤن، دژایەتی ئەوان هەموو بوارێکی فەرهەنگیی و کولتورییشی گرتووەتەوە. بێلەوە، لەبەر دابەشبوونی کوردستان بە چوار بەش، ئێستاش لە هەر بەشێکدا ژمارەی کورد لە چاو دانیشتووانی دیکەی ئەو وڵاتانەدا (جا با هەموویان نەتەوەی سەردەستیش نەبن) ئەوەندە زۆر نییە لە خۆپیشاندانی سەرانسەریدا لەبارچوونێك لە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمدا دروست بکەن، ئەسڵەن کوردستان بنکەیەکی پیشەسازیی و ساخکردنەوەی وا نییە کە لەبارچوونێکی وا لە پراکتیکدا شیاو بێت.

هاوڕێی بەڕێز، کاك جەعفەری حەسەنپور، کۆمەکێکی باش بە بەجۆشدانی ئەم باسانە دەکات و پێموایە کە دەبێت بە خۆشیەوە ئامێزی بۆ بگرینەوە و تیایدا بەشدار بین، بەڵام کە دێت و ئاوا لە پڕێکدا (لە خۆڕاش) دەکێشێت بە پشتملماندا و بە دوو دێڕ باسەکە کۆتایی پێ دەهێنێت، دەتوانێت جۆرێك لە خراپتێگەیشتن دروست بکات کە قازانجێك بەو بزووتنەوە ڕۆشنگەریە ناگەیەنێت کە دڵنیام کاك جەعفەری حەسەنپور مەبەستێتی. من پێشنیار دەکەم کە کاك جەعفەری حەسەنپور لانی کەم لەو باسانەدا قووڵ بێتەوە و هەروەها بە زووترین کات کتێبی "پرینسیپی [یان] سیاسەتی چالاکیی نەزەبرئامێز "The politics of nonviolent actions, 1973 ـ ی جێنە شارپ Gene Sharp بخوێنێتەوە کە یەکەمین کتێبێکە لەسەر بزووتنەوەی نازەبرئامێز نووسرابێت و پاش ئەو کۆمەکی جیدیی وا نەکردراوە کە زۆر شایانی باس بێت.

## سەرئەنجام

بزووتنەوەی ئاشتی هەمیشە کارێك بووە کە لەلایەن بندەست و چەوساوەکانەوە دەستی پێکراوە و خەباتی بۆ کراوە. ئەویش لەبەرئەوەی کە بندەست و چەوساوەکان هەمیشە قازانجکەری یەکەمینن. بزووتنەوەی ئاشتی، یان نەزەبرئامێز، بێگومان قازانج و کەڵکی گەورە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان دەگەیەنێت و هیچ کاتێك نابێت ئەو لایەنە گرینگەی ئەم پرینسیپە فەرامۆش بکەین و لەوێدا بە هەموو شێوەیەك پشتگیریی هەموو هەوڵێکی هاوڕێم کاك جەعفەری حەسەنپور دەکەم کە تەکانێك بەو بزووتنەوەیە بدات. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم کە:

هاوکات کە کاك عەعفەری حەسەنپور خەریکی سازدانی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرەیە لە ناو کوردستانیاندا، هەمان ئەو بزووتنەوەیە بە ئێرانیی بکردرێت و لە سەر ئاستی ئێران سەرانسەریی بێت. ئەمە تەنها بزووتنەوەیەکە کە من پێموایە جێی خۆیەتی بە پلەی یەکەم لە فارسستانەوە دەست پێ بکات ڕووەو کەنارەکان، نەك بە پێچەوانەوە. بۆ تێگەیشتن لەم بیرەی من گرینگە لە ژان پاڵ سارتەر و سیمۆن دیبوڤوا و ئالبێرت کامو و چەندین خەباتگێڕی دیکە تێبگەین و من بە خۆشیەوە بەشداری لەو کارەدا دەکەم. چونکە ئەوان لە مەسەلەی خەباتی ڕزگاریخوازیی جەزائیردا پێیان وابوو کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنگەران و چینی کرێکار و لایەنانی دیکەی نەتەوەی سەردەست [فەڕەنسا] بەرپرسیارێتی خۆیان لە کوشتاری حوکمەتی خۆیان بخەنە سەرشانیان.

ئەمە کارێکە کە کاك جەعفەری حەسەنپور، سەبارەت بە ئێران، دەتوانێت تیایدا دەستپێشکار بێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی کاك جەعفەری حەسەنپور دەکەمەوە و ئەگەر لە ئایینەدا بە هەندێك پرس گەرماوگەرم وەڵامم نەدایەوە، ئەوا تەنها لەبەر نەبوونی کاتە و هیچی دیکە.

**ڕێبوار ڕەشید**

٢٠٠٧/٥/٥